ئازادی

Azady

بڵاوکراوەی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق

ژمـــــــارە (25)... تشـــــرینی دووەمـــــــی 2007

* هەڕەشەو لەشکرکێشیەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتوندی ئیدانە دەکەین ل2
* گەڕانەوە بۆ مرۆڤ، هەڵاتن لە شتبوون عومەرمحەمەد ل4
* مۆزەخانەی لینین لە تامپێری بەشی پێنجەمو کتایی و/ سەفین محەمەد ل5
* رەخنەکانتان راگرن!! فوادرشید ل4
* کورتەیەک لە مێژووی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە سەدەی بیستەمدا ئەحمەد موعین ل6
* چ جۆرە بزوتنەوەیەکی سۆسیالیستی ئەتوانێت ململانێی کاپیتاڵیزم بکات لەم سەردەمەدا؟ بەشی چوارەم کاوە اسالم کەریما ل7

نزار عبداللّه: ئەمریکا سەرقاڵی پلانو نەخشە ئیمپراتۆریەکانی خۆیەتیو هیچ بڕگەیەکی سیاسەتە ستراتیژیەکانی تایبەت نیە بەچارەسەری مەسەلەی کورد

گفتۆگۆی ئازادی لەگەڵ هاوڕێ نزار عبداللّه ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق سەبارەت پێشهاتو گۆڕانکارییەکانی کوردستانو دەوروبەری ... بۆ لاپەڕە 3

هەڕەشەکانی تورکیاو سیاسەتەکانی ئەمریکا

عێراقو ئێران دوو سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن بۆ شەڕو ململانێی هاوچەرخی سەرمایەداریو تورکیا یەکێك لەلایەنەکانی هەڕەشەی شەڕو نائارامیە کە چەند ساڵێکە بەبیرو دەسەڵاتی ئیسلامی موتوربە کراوە.

هەموومان شەڕوداگیرکاری ئەمریکامان لەئەفغانستانو عێراق بینیو ئاکامە زیانبارەکانی لەسەر مرۆڤایەتی بەگشتیو ئێمەی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تاقیکرایەوەو بەهۆی سیاسەتو کردەوەی ئیمپریالیستی ئەمریکاوە مرۆڤایەتی دوچاری گێژاوو نەهامەتیو کوشتوبڕی بێوێنە بۆتەوە، هێشتا ئەم شەڕە کۆتایی پێنەهاتووە ئەمریکا نەخشەی شەڕێکی دیکەی لەناوچەکە چنیوە، کە بەهەموو پێوانەکان زیانبارتر دەبێت.

تورکیا یاریکەرێکی ئەم ستراتیژیە، هاوپەیمانێتی پەنجا ساڵەی نێوان ئەمریکاو تورکیا دوای ئاڵوگۆڕەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمو کاڵبوونەوەی گرنگی هاوپەیمانی ناتۆ درزی تێکەوتووەو لەلێدانی عێراقدا ئاستێکی بەرزی بەخۆوەبینی، ئێستا ئەم دوو وڵاتە هەریەك لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە لەمەیدانی پراتیکدا سەرگەرمی نوێکردنەوەی ئەو هاوپەمانێتیەن.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە پێویستی بەسەرچاوەی وزەیە، مەبەستیەتی ئەم ناوچەیە، کە بەسەرچاوەی وزە دەوڵەمەندە، بخاتە ژێر رکێفی خۆیو دەسەڵاتی تاقانەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، کۆماری ئیسلامی سەرباری ئەوەی نزیك بە3 دەیەیە ئەمریکای لە سەرچاوەکانی نەوتی ئێران مەحرومکردووە، خەریکە دەشبێتە یەکێك لەرێگرەکانی بەردەم ئەم ستراتیژەی ئەمریکاو وەك دەوڵەتێکی سەرمایەداری گەشەکردوو دەچێتە ناو جەمسەرگیریە ئابووریەکانو لەپاڵ صینو روسیای نەیاری ئانیو مێژوویی ئەمریکا دەبێتە سەرێك لەناو سەران، ئەمە ئەمریکای بەئاستێکی سەرسووڕهێنەر نیگەران کردووە، بەتایبەتی کە دەمێکە خەو بەوەوە دەبینێت ببێت بەخاوەنی ئێران. هەربۆیە ئەمریکا لەرێگای هێرشی سەربازیەوە بێت یاخود لەرێگای پەیداکردنی باڵێکی لایەنگر لەخۆی لەناو دەسەڵاتی ئێستای ئێراندا، گۆڕینی دەسەڵاتی ئێرانی کردووە بەبەشێك لەئامانجی خۆی.

پێشبینیە بەراییەکان وانیشاندەدەن کە نەخشەی سەربازی ئەمریکا سەرەتا گەمارۆدانی ئێرانو پاشان پێدانی رۆڵی زیاترە بە هێزەکانی ناتۆ، ماناو گرنگی هەڕەشەو بیانوە بێبنەماکانی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر کوردستانی عێراق لێرەدا دەردەکەوێت. حکومەتی تورکیا وەك هێزێکی ناتۆ بەمەرجی تازەوە دەیەوێت بەشێك بێت لەگەمارۆدانی ئێران لەسنووری کوردستانەوە، بۆ ئەوەی هاوکات گورزێك بسرەوێنێتە بارۆدۆخی هەرێمی کوردستانی عێراقو دەستوپێ (PKK)ش کۆبکاتەوە.

ئەمە بەشێك لە گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکایە لەم ناوچەیەدا، لەشەڕی ئەفغانستانو عێراقدا، ئەمریکا بۆ رامکردنی شیعەکانو بۆ تەمبێکردنی وڵاتانی لەبابەتی سعودیە کە ببوە چاوگی گەشەی رێکخراوی تیرۆرستی القاعیدە، ئێرانی کردە هاوکاری خۆی، بەڵام بۆ ئەم شەڕە بادانەوەیەکی ئاشکرا بەلای سوننەکاندا دەبینرێت، چونکە ئەوەی بەهیلاڵی شیعی ناسراوە زۆرترین سەرچاوەی نەتو وزەی تێدایەو بەدەستهێنانو دەستبەسەراگرتنی ئەم سەرچاوانەش پێشمەرجێکی زۆرگرنگو پێویستن بۆ گرێدانی گەشەی ئابووری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەرمایەی ئیمپریالیستیو بۆ ململانێ لەگەڵ جەمسەرە ئابووریەکانی تری جیهان.

بزووتنەوەی گە نجان لەنێوان دوێنێو ئەمڕۆدا

ئەمەی سەرەوە ناونیشانی سمینارێك بوو کەگرووپی "پەرلەمانی سەرشەقام" لەشارۆچکەی دەربەندیخان بەروای 2007/10/7 بۆ پارێزەر "بەختیار حمە سعید" (نزار عبداللّه)، رێکیانخستبوو.

هاوڕێ بەختیار لەو ئێوارە کۆڕەدا بەبەشداری زۆمارەیەکی بەرچاو لەگەنجانو لاوانی دەربەندیخان ئاماژەی کرد بۆ رابردووی بزووتنەوەی گەنجان لەکوردستانو دەسکەوتو پێشڕەویەکانی، هەروەها بەووردی واقعیەتی ئێستای بزووتنەوەی گەنجانو لاوانی هەڵسەنگاندو باسی لەپێشڕەویو لەکەموکوڕیەکانی کردو بەتایبەتی چووە سەر گرنگی هاوپەیمانێتی زیاتری بزووتنەوەی گەنجان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریو بزووتنەوەی ژنانو باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە پێشڕەوەکانی تر. لەکۆتاییشدا باسی لەگرنگی داڕشتنی پلاتفۆرمی داخوازیەکانی گەنجانو لاوانو خوێندکارانی کوردستانی کرد وەکو هەوڵێك بۆ یەکخستنی توانا پەرشوبڵاوەکانی گەنجانو کۆکردنەوەی رێکخراوەکانو گرووپەکانو هاوئاهەنگی نێوانیان بەئامانجی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی گەنجان بەئاراستەیەکی بەرهەڵستکارانەو پێشڕەودا..

دوای ئەوەی هاوڕێ بەختیار باسەکەی خۆی پێشکەشکرد، ئامادەبوان بەپرسیارو سەرنج بەشداریانکردو گفتۆگۆیەکی گەرم لەسەر بابەتەکە کراو وەڵام بەپرسیارو سەنجەکان درایەوە

خەباتی چینایەتی کرێکارانی مصر، بەرەو ئاسۆیەکی روناك لە پەرەسەندن دایە

سالانێکە حکومەتی مصری دەستی داوەتە تایبەتی کردنەوەی کەرتی گشتیو ئەمەش شەپۆلێکی بەرفراوان مانگرتنو ناڕەزایەتی کرێکاری بەشوێن خۆیداهێناوە. کرێکارانی بەشی رستنو چنین سەرقافڵەو پێشڕەوی ئەو خەباتەن.

حکومەت ئەو ناڕەزایەتیانە بەدەستی کۆمۆنیستەکان تۆمەتبار دەکات. بەڵام ریشەی ئەو خەباتە ئەوەیە کە حکومەتی سەرمایەداری مصری دەستی کردووە بەفرۆشتنی کەرتی گشتیو تایبەتیکردنەوەی پیشەسازی مصری مصر ئەم ماوەیە شەپۆلێك مانگرتنی کرێکاری بەخۆوەبینی کە لەساڵانی چلەکانی سەدەی رابردووەوە وێنەی نەبووە. بەپێی راپۆرتێك کە دراوە بە مرصدی کرێکاریو سەندیکایی مصری، تەنها لەنیوەی دووەمی مانگی 8 ی ئەمساڵدا 68 ناڕەزایەتی لە 11کەت بەرپاکربووە. لە2007/9/23دا کرێکارانی رستنو چنینی "المحلە" ناڕەزایەتیەکی نوێیان دەست پێکردووە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان کەسەرەڕای داوای ئازادکردنی دەست بەجێی ئەو5کەسەی کەوەکو نوێنەری کرێکاران لەلایەن دەوڵەتەوە گیراون، هاوکات داواشیاندەکرد: بەرێوەبەری کۆمپانیا دەست لەکار ب کێشیتەوە، لیژنەی سەندیکا متمانەی لێبسەندر یتەوە کرێیو هەقی خواردن زیاد بکرێن، کێشەی هاتوچۆ چارەسەر بکرێت، کرێی خانوو خەربکرێت، حەوافزی مانگانە زیادبکرێت...

مەسەلەیەکی گرنگ ئەوەیە کە ئەم مانگرتنە پشتیوانیەکی زۆرگەورە فراوانی لێکرا لەلایەن کرێکارانی بەشەکانی ترەوە، بۆ نمونە کرێکاران و فەرمانبەرانی ئاشەکانی باکوری "الجیزە" و کرێکارانی کارگەی چنینی "کفرالدوار" بۆ نیشاندانی هاوپشتی خۆپیشاندانێکیان بەرێخست کە هێزەکانی ئاساییش بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە لەشوێنی خۆپیشاندانەکە بەریان پێکرتو نەیانهێشت ببێتە مانگرتنێکی تەواوەتی.

مانگرتنی 7ی کانوونی دووەمی 2006 ی کرێکارانی رستنو چنینی "المحلە"بەئاگای هێنایەوە کە لەمصر چینێکی چالاکو بەهێز لەئارادایەو سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە متمانەی کرێکارانی مصری زیادکردو ئەو باوەڕەی لاچەسپاندن کە بەخەباتو تێکۆشان دەتوانن داخوازیەکانیان بەدیبهێنن. بۆنمونە مصطفی البسیونی یەکێك لەو رۆژنامەنووسانەی کە گرنگی بەکاروباری کرێکاران دەدەت وتوویەتی لەماوەی 6 مانگدا ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە منیانگرتووەو داخوازییان بەرزکردۆتەوە گەیشتۆتە 200هەزار کرێکار ئەویش لەوڵاتێکی وەك مصردا کە لەیاسای کاردا مافی مانگرتن بەڕەسمی نەناسراوەو تەنها یەك سەندیکاش بۆی هەیە کاربکات کە سەربەدەوڵەتە.

گرنگی ئەم بزووتنەوە کرێکاریە لەوەدایە کە وشیاری کرێکارانو پشتیوانیو هاوخەباتی بەشەجۆراوجۆرەکان لە ئاستێکی بەرزدایەو پشوودرێژی لەخەباتو مانگرتنەکاندا بەدێدەکرێتو هەڕەشەو بیانووەکانی دەوڵەت نایان ترسێنێت.

7ی کانوونی دووەمی 2006و 23ئەیلولی 2007 دوو رۆژی رۆژی مێژووین کە مێژووی داهاتووی چینی کرێکاری مصر دەنەخشێننو ماوەی نێوان ئەم دوو رۆژەش پڕیەتی لە خەباتو تێکۆشانی چینایەتی.

شایانی باسکردنە کەچەندین یەکێتی کرێکاریو رێکخراوی رادیکاڵو ئازادیخواز لەناوخۆی مصرو لەدەرەوەی پشتیوانییان لەم مانگرتنەی کرێکاران کردووەو نامەوەی نا ڕەزایەتیان داوەتە حکومەتی مصرو داوایان لێکردووە داخوازیەکانی کرێکاران بەرەسمی بناسێتو جێبەجێیان بکا.

تێبینی: کەلك لە www.bergry.com سایتی "کۆمیتەی بەرگری لەکرێکارانی عێراق"و نوسینێکی "فرح قبیسی" وەرگیراوە کە لەسەر ئەنتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

گوانتانامۆ سەلمێنەری توندوتیژیەکانی ئەمریکا

بۆ ل2

سلێمانی: دژی توکیا خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەرێوەچوو

رۆژی2007/10/7 زیاتر لە 1000 کەس لەخەڵکی ناڕازی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی حکومەتی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان، لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێکیان بەرێخست لەبەردەم سەراوە بۆ پارکی نالی.

ئەم خۆپیشاندانە بەناوی "بەرەی جەماوەر"ەوە رێکخرا کە بەدەست پێشکەری پەرلەمانی سەرشەقامو بە بەشداری چەندین کەسایەتی بەمەبەستی ئامادەکاری پێکهاتبوو.

لەم خۆپیشاندانەدا بەرەی جەماوەر ساداشتنامەیەکی نارەزایی یان پێشکەشکردو هاوڕێ نەوزاد بابان یەکێك لەوتار بێژانی ئەم خۆپیشاندانە لەقسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە خەڵك پێوییستە بەشێوەی رێکخراو بێتەمەیدان.

شایەنی وتنە ئەم خۆپیشاندانە بەرەسمی مۆڵەتی پێنەدرابوو بەدوای ئەویشدا کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرێوەچوو، پاریزگای سلێمانی فەرمانێکی بەسەرشارو هەموو شارۆچکەکاندا گشتگیرکرد کە نابێت مۆڵەتو رێگا بەهیچ دەستەو لایەنو گروپێك بدەن بۆ خۆپیشاندان. کە ئەمە رۆڵی دەسەلاتی کوردستان لە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی حکومەتی شۆڤێنستی تورکیا نیشان دەدات.

کورتەیەك لە مێژووی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە سەدەی بیستەمدا

ئەحمەد معین

سەرنجی رای گشتیو دنیاو بەتایبەتیو وڵاتانی رۆژئاوا زۆر درەنگو لەدوای 11ی سەبتەمبەرەوە چۆتەسەر ئیسلامو بزووتنەوە ئیسلامیەکان.

پاش ئەوەی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ دەیانساڵو بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی رووداوو ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی بەشێکی گەورەی دنیا یا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ سۆڤیەتی جاران یا لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕو چەپو ئازادیخوازو سۆسیالیستەکانی دنیا، بزووتنەوە ئیسلامیەکانیان بەردایە گیانی خەڵکی ئاسیاو دوای باجێکی زۆر کە خەڵکو پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان لەو وڵاتانەدا دایان، ئێستا وڵاتانی ئیمپریالیستی رۆژئاوا باس لە تیرۆریزمی باڵێکی بزووتنەوە ئیسلامیەکان ئەکەنو لەمیشیاندا ئەیانەوێ ئیسلامو بەشێکی زۆری هێزە ئیسلامیەکان لەنەفرەتو بێزاری خەڵك بپارێزن.

ئەمڕۆ ئیتر ئیسلامو بزووتنەوەی ئیسلامی تەنها یەخەی بەخەڵکی وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا نەگرتووە بەڵکو بووە بە سەرەتانێکی جیهانی ترسناك.

بۆ لاپەڕە 6